# شەکرەی دووگیان (شەکرەی سکپڕ)
# (Gestational Diabetes Mellitus,GDM)

ئەوەی شایانی باسە لەم ساڵانەی دوواییدا زیٚدەتر لە جاران باس و توێژینەوە لە مەڕ نەخۆشی شەکرەی کاتی ئاوسی ئافرەت دەکریٚت هۆی ئەمەش دەگەڕیٚتەوە بۆ:
زۆربەی زۆری ئەو ژنانەی ئەمڕۆ تووشی نەخۆشییەکە دەبن لە جۆری یەکەمی شەکرەیە . بە پیٚی چەندین توێژینەوە ریٚژەی تووشبون بەم بارودۆخە تایبەتییە لە نیٚوان 1–2٪ دا وەلیٚ لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناویندا ریٚژەکە دووجاران بەرزترە .

## پیٚناسە

گروپیٚك پسپۆری ئەوروپایی وای بە باش دەزانن کە شەکرەیدووگیان بەم شیٚوەیە پیٚناسە بکریٚت .
هەرکاتیٚك پاش 2 کاژیٚرو پاش خواردنەوەی شەکراویٚکی تیٚکەڵ (75 گم شەکر + ئاو) ، ریٚژەی شەکری نیٚو خویٚنی ئافرەتیٚکی دووگیان بگاتە 9.0 mmol/L یان لە سەروو ئەو ریٚژەیەوە بیٚت ئەوا دەبیٚژریٚت ئەو سکپڕە شەکرەی هەیە .
پاش منداڵبوون یان لە دوارۆژدا شەکرەی دووگیان هۆکاریٚکی مەترسیدارە کە ژن تووشی نەخۆشییەکە ببیٚت . لەم کاتەدا ئاولەمەی نیٚوپزدانی دووگیان گەورە دەبیٚت و کیٚشی زیٚددەکات لەوانەیە ئەو کیٚش زیٚدبوونە ببیٚتە هۆی دریٚژبوونەوەی ماوەی ژانگرتنی کاتی منداڵبوون . هەندیٚك جار لەوانەیە راستەوخۆ یان پاش لە دایکبوون کۆرپەلە تووشی ئیٚسك شکاندن ، گیروگرفتی هەناسەدان یان زیان گەیاندن بە دەمار ببیٚت ئەمەش دەبیٚتە هۆی نزمبوونەوەی ریٚژەی شەکری یەکەم رۆژی پاش لە دایکبوونی کۆرپەلە . خۆشبەختانە بەرزبوونەوەی ریٚژەی مردن لەو منداڵانەدا تۆمارنەکراوە ، بە دەگمەن ئاولەمە لە مردوویی لە دایك دەبیٚت . وەلیٚ ریٚژەی لە دایکبوون بە ریٚگەی نەشتەرگەری کردنەوەی سك و پزدان زۆر زیٚدی کردووە زۆرجار هۆی ئەمەش دەگەڕیٚتەوە بۆ بەرزی کیٚشی ئاولەمە یان گەورەیی قەبارەی ئاولەمە .

## هۆزانی

لە نیوەی دووەمی ئاوسییدا ریٚژەی هەستداری ئینسولین کەم دەبیٚتەوە و ئەوسا لەشی دووگیان پیٚویستی بە 2–3 جاران بە ئینسولین زیٚددەکات . هۆی ئەمەش دەگەڕیٚتەوە بۆ ویٚلاشی نیٚو پزدان چونکە ویٚلاش هۆرمۆن دروست دەکات کە دەبیٚتە هۆی نزمبوونەوەی هەستداری ئینسولین . ئەوەی راستی بیٚت لەشی هەموو ژنیٚکی دووگیان ناتوانیٚت لە ریٚژەی ئاسایی زیٚدەتر ئینسولین دروست بکات تاکو ریٚژەی شەکری نیٚوخویٚن ئاسایی بکاتەوە .
هەندیٚك جار کیٚش زۆری یان قەڵەوی سکپڕ هۆیەکی دی نزمبوونەوەی هەستداری ئینسولینی دووگیانە ، ئەمەش وا دەکات کە پەنکریاس نەتوانیٚت ئینسولینی پیٚویست داbین بکات .
ئەوسا ریٚژەی پیٚویستی ئینسولین بەرزترە لە ریٚژەی دروستکردن ئەمەش دەبیٚتە هۆی ئەوەی کە پەنکریاس نەتوانیٚت ئەو داواکارییە بەرهەم بهیٚنیٚت و ئەو برە پیٚویستە لە ئینسولین ئامادەبکات کە لەشی دووگیان پیٚویستییەتی دەرئەنجام کەمی ئینسولین دەبیٚتە هۆی بەرزبوونەوەی ریٚژەی شەکری نیٚو خویٚن .

## چارەسەرکردن

- ئامۆژگاریکردنی دووگیان دەربارەی خۆراکخواردن ، جولاندن (وەرزش ، مەلەکردن و پیاسەکردن)
- لە کاتی پێویستدا دەبێت بە ئینسولین چارەسەری دووگیان بکرێت . (وەلیٚ مەترسیدارە) .

## لەدایکبوون

گەر ماوەی سکپری ئاسایی بەڕێوەچوو ئەوا دایك دەتوانێت لە دامێنەوە (گولینك) مندالی ببێت . وەلیٚ نەشتەرگەری بۆ ئەو دایکانە دەکرێت کە خوازیاری بە نەشتەرگەری مندالیان ببێت .

زۆرجاران پاش لە دایکبوون ناهاوسەنگیی زیندەپالی دایك ئاسایی دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی جارانی ، لەوانەشە بارودۆخەکە بەردەوام بێت لە شێوەی بەرزبوونەوەی ڕێژەی شەکرەدا .

**زاراوە**

**دووگیان** ، (سکپڕ , ئاووس)

**منداڵدان** ، (پزدان)

**ئاولەمە** ، (ئەو کۆرپەیەی لە نێوپزداندایە پێش لە دایکبوون

## سەرچاوە

1.Carl.David agardh, Christian Berne och Jan Österman, Diabetes, Liber 2002;20:213-229.
2. www. alltomdiabetes.se 050202. ©
3.Reece, E A & Coustan,D R (red) Diabetes mellitus in pregnacy. Principles and practice. Churchell livingstone, New Yourk 2 nd edition, 1995.
4.www.info.sos.se 050210. ©

# ڕێژەی شەکری نێو پلاسمای خوێن (خوێن لە خوێنهێنەر وەردەگێرێت) .

# ڕێژەی شەکری نێو موولوولەی خوێن (خوێن لە سەری پەنجە وەردەگیرێت) .